# لەپەروایزی هەڵویستی کۆمەلە کوردی سالفورد لە بەریتانیا

## پەنابەران فدراسیون پاساوەکانی کۆمەلە کوردی یەکانی بەریتانیا قبول ناکەن

شەوی هەینی قسەکەرێکی رەسمی کۆمەلەی کوردی سالفورد بەپێچەوانەی ڕاستیەکانەوە لە خۆپشاندانێکی ڕاگەیەنراوی کۆمەلەی کوردی سالفورد لەمانچستەر و لە دەزگاکانی راگەیاندی بی بی سی یەوە بەئاشکرا ڕایان گەیاند کە کوردستان ئامنە، پەنابەرانیان لەژێر ناوی خۆپیشاندان بە دژ ناردنەوە کۆکردۆتەوەو بەجلی کوردی و ئالای کوردستانەوە گوایە ئەوان ریش سپی پەنابەران و بەرگریان لیّ دەکەن.

ئەم تەبلیغات و هات و هاوارە لەکاتێکدایە کە تائیستە 33 پەنابەری کورد دور لەخواستی خۆیان دیپۆرتی کوردستان کراونەتەوەو هەروەها دەیان پەنابەری تر راپیچی گرتووخانەکان کراون و ترسی گەرانەوە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات. ئەم جموجوڵەی کۆمەلە کوردی کە ناڕەزایەتیّ کانی پەنابەران ناچاری کردون شتێك لەخۆ نیشان بدەن لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی یەکیتی و پارتی یە کەلەبەندو بەستێکی نیهنی و پشتپەردەوە گەرەکیانە لەپێناو قازانج ومانەوەی دەسەلات وئیمتیاز وەرگرتن وشەرعیتی دەسەلاتەکەیان لەگەل حکومەتی بەریتانیا سات وسەودا بەژیانی پەنابەرانی کوردەوە بکەن . ئەم ریکخراوانە بە دەر لەهەرنیەتیك کە هەیانە، بەلام بە کردەوە نوینەری ئەو حزب ولایەنانەن کە بە تەواوی مانا  هاوکاری کردنەوەی نوسینگەی (IOM) یان کرد لە شاری هەولیردا، بۆ زەمینەخۆش کردن و کارسازی بۆ ناردنەوەی پەنابەران . هەر ئەوانن کەادعای کردنەوەی فرۆکەخانەکانیان بە گیرانەوەی پەنابەران ئیفتیتاح دەکەن.

لەبیرمانە کەچۆن لە چەند سالی رابردودا فۆتۆکۆپی پاسپۆرتەکانی ئەو پەنابەرانەیان دەکرد کە چەندین سالە لەم وولاتانەدا نیشتەجی بوون ، پاشان راستەخۆ ئەو زانیاری و کۆپیانەیان دەدایەوە بە وولاتانی ئەوروپا . هەر ئەمانیش بوون کە لەماوەی چەند سالی رابردودا چەندین جار لەگەل حکومەت و وەزارەتەکانی ئەم وولاتانەدا لە دانوساتدابوون بۆ تاوتوێ کردنی گەرانەوەی پەنابەران لەبەرامبەر بە دەستکەوتیکدا. ئەو چەواشەکاری و فریوودانەی کە دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی و یەکیەتی بەگەریان خستووە بەراستی تەمەنی کورتەو ناتوانێت خۆی لەبەمبەر بە هاتنەمەدانی پەنابەران رابگریت . ئەمانە لە لایەکەوە وانیشان دەدەن کە خەم خۆری پەنابەرانن و بە کردوەش سەرگەرمی مامەلەو بازرگانی کردنن بەسەر ژیان وچارنووسی پەنابەرانەوە. بۆیە کارەکانی ئەم کۆمەلە کوردیانەش شاکاریکی لەوە باشترنابیت و بەڵکو لەخزمەت ئامانجەکانی حزبە دەستەلاتدارەکانی کوردستاندان. بۆیە ئیدعای ئامنی بوونی کوردستان لە سەر زبانی نوینەری ئەم ریکخراوەوە بە دلنیای هیچ ئاکامیکی نابیت بەدەر لەوەی کە خۆیان لەبەرامبەر رق و بیزاری پەنابەراندا دەبینەوە . ئەم ریکخراوانەو نوینەرەکەیان  لەوە دلنیان کە ئەمرۆ ئەوە تەنها فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یە کەوەك ریکخراویکی پەیگیرو پیشرەو بەدوای ماف و بەرژەوەندیەکانی پەنابەرانەوەیە و هەر ئیستە ئەم ریکخراوە بووتە جیگەی ئومیدی زۆربەی زۆری پەنابەران نەك هەر بۆ ریگرتن بە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران ، بەلکو بۆ مسۆگەر کردنی مافەکانیشان . کۆمەڵەی کوردی سالفورد بەو هەڵویستەی دۆینیان لەشاری مانچستەر  رایان گەیاند لەرێگای ئەوانەوە خواستی پەنابەران بەدی نایەت ،کاتی ئەوەیە ریزەکانی خۆتان جیابکەنەوە ،نارەزایەتێکانی خۆتان یەکگرتووانە رووبەرووی ئەم لایەنانە بکەنەوە. بە دەنگی بەرز بلێن کوردستان ئامن نیەو ئیمە خوازیاری ماف پەنابەری و ژیانیکی شایستە بە ئینسانین .

پەنابەران ئازادیخوازان

ئیمە  نابیت بۆ یەك ساتیش لە خەباتی خۆمان بکەوین بۆ بەدەستهینانی مافەکانمان هەروەها دەبیت هیچ جۆرە پشتگیری کردنیك لە سیاسەتەکانی پارتی و یەکیەتی و بۆ مامەلەکردن و بازرگانی کردن بەسەر پەنابەرانەوە قبول نەکەین و بە تەواوی توانای خۆمانەوە پەردە لە رووی کارنامەی دژی پەنابەریان هەڵبدریتەوە . پەنابەران! هاتنە مەیدانی ئەم رۆژانەمان نیشانی دا تەنها ریگەیەك کە بتوانیت کاریگەرو بە سوود بیت هەلبرینی دەنگی نارەزایەتیمان و یەکگرتنی ریزەکان و لە دەوری ریکخراوەیك کە دێرزمانە ئەوەی سەلماندوە کە تەنها نوینەری شەرعی پەنابەران دەبیت ، بە کۆبوونەمان لە دەوری ئەم ریکخراوە بەهیزو بەهیزتر دەبێت . تا لەپال پوچەلکردنەوەی سات و سەوداکانی پارتی و یەکیتی و ریکخراوە رەنگکروەکانیاندا پیکەوە بتوانین پاشەکشە بە بریارەکانی حکومەتی بەریتانیا بکەین بۆ دیپورت کردنەوەی پەنابەران . بۆیە هاوپیچ لەگەل ئەم بانگەوازەشدا دەبیت (کۆمەلەی کوردی سالفورد) ئەو راستیە باش بزانیت ، کە نە کلکایەتی کردنی ئەوان و نەمامەلەو بازرگانی

کردنی حزبەکانیان ناتوانن بەم ئیزدواجەیەت و فێرییوکاریانەیان و بە پاکانە کردن بۆ بوونی ئەمنیەت لە کوردستان مافە سەرەتای یەکانی ئیمەی پەنابەران بکەنە قوربانی سیاسەتەکانی خۆیان. بۆیە چاکتر وایە کە کۆمەلەی کوردی سالفورد لەبەرامبەر بە دانی ئەوزانیاریە هەلانە بە دەزگاکانی راگەیاندن ، داوای لیبوردن بکات لە پەنابەران و خەلکی کوردستان لە پەیوەند بە ئیدعای بوونی ئاسایش لە کوردستاندا !

دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا

**2005 / 8 / 28**